# 1. Uluslararası
# ZAP HAVZASI ULEMASI
# Sempozyumu

•

1st International
Zap Basin Scholars Symposium

•

# Bildirileri

27-29 Nisan/April 2018
Hakkari

Cilt/Volume II

**HAKKARİ ÜNİVERSİTESİ YAYINLARI**
Yayın No:10
Sertifika No: 21955
Merzan Mah. Küçük Sanayi Sitesi Arkası
433. Sok. No:51 Merkez/Hakkari
T: +90 (438) 212 12 12 E-posta: byk@hakkari.edu.tr
www.hu.edu.tr

1. Uluslararası
ZAP HAVZASI ULEMASI
Sempozyumu

1st International Zap Basin Scholars Symposium

27-29 Nisan/April 2018 • Hakkari

Cilt/Volume II

**Dizgi/Mizanpaj**
Rıdvan TURGUT
ridwanxelil@gmail.com

**Kapak**
Turan KOCA

**Takım Numarası:** 978-605-68902-0-8
**ISBN:** 978-605-68902-2-2

**Birinci Baskı**
11/2018 İstanbul

**Baskı Matbaası**
Canset Matbaacılık
Kazım Karabekir Cad. Nizamoğlu İş Hanı 72/14 Altındağ-Ankara
Sertifika No: 20583

Bu kitapta yer alan fikirler ve bilgiler tamamıyla yazarlarının sorumluluğundadır. Sempozyum Düzenleme Kurulu ve Üniversitemizin kitapta yer alan bilgiler ve fikirlerle ilgili sorumluluğu bulunmamaktadır.

DAP Bölge Kalkınma İdaresi Başkanlığı “Zap Havzası Uleması” Projesi kapsamında hazırlanan bu yayının içeriği DAP Bölge Kalkınma İdaresi Başkanlığı ve/veya Kalkınma Bakanlığı’nın görüşlerini yansıtmamakta olup, içerik ile ilgili tek sorumluluk Hakkari Üniversitesi’ne aittir.

# 1. Uluslararası ZAP HAVZASI ULEMASI Sempozyumu

•

1st International
Zap Basin Scholars Symposium

•

# Bildirileri


Editörler

Arş. Gör. Yaşar KAPLAN

Öğr. Gör. Murat ADIYAMAN

Öğr. Gör. Emin YILDIRIM


Cilt/Volume II

## SEMPOZYUM ONURSAL BAŞKANLARI *Honorary Chairman of the Symposium*

> Prof. Dr. Ömer PAKİŞ (Rektör)

> Prof.Dr. İhsan Süreyya SIRMA

## BİLİM ve Danışma Kurulu / *Scientific Advisory Board*

- > Prof. Dr. Hakeem AHMAD MAM BAKR,Salahaddin University
- > Prof. Dr. Ahmet Turan ARSLAN, Fatih Sultan Mehmet Üniversitesi
- > Prof. Dr. Battal ASLAN, Hakkâri Üniversitesi
- > Prof. Dr. Bilal AYBAKAN,İbn Haldun Üniversitesi
- > Prof. Dr. Hidayet AYDAR, İstanbul Üniversitesi
- > Prof. Dr. Erdoğan BADA,Hakkâri Üniversitesi
- > Prof. Dr. Şeyhmus DEMİR, Gaziantep Üniversitesi
- > Prof. Dr. Adnan DEMİRCAN, İstanbul Üniversitesi
- > Prof. Dr. Mustafa DEMİRCİ, Selçuk Üniversitesi
- > Prof. Dr. Mehmet DEMİRTAŞ, Bitlis Eren Üniversitesi
- > Prof. Dr. Cemalettin ERDEMCİ, Siirt Üniversitesi
- > Prof. Dr. Abdulbaki GÜNEŞ, Van Yüzüncü Yıl Üniversitesi
- > Prof. Dr. Mehmet KUBAT, İnönü Üniversitesi
- > Prof. Dr. Farsat MARIE ISMAIL,Universty of Zakho
- > Prof. Dr. Raed MUSTAFA ABDELRAHEEM,An-Najah National University
- > Prof. Dr. Hakan OLGUN, Bingöl Üniversitesi
- > Prof. Dr. İbrahim ÖZÇOŞAR,Mardin Artuklu Üniversitesi
- > Prof. Dr. Süheyl SAPAN, Kral Suud Üniversitesi
- > Prof. Dr. Mehmet Mahfuz SÖYLEMEZ,Yakın Doğu Üniversitesi
- > Prof. Dr. Ahmet TAŞĞIN,Necmettin Erbakan Üniversitesi
- > Prof. Dr. Osman TAŞTAN, Ankara Üniversitesi
- > Prof. Dr. Saadi UTHMAN HARUTİ,Salahadden University
- > Prof. Dr. Metin YASA, Ondokuz Mayıs Üniversitesi
- > Doç. Dr. Abdurrahman ADAK, Mardin Artuklu Üniversitesi
- > Doç. Dr. Mehmet Nesim DORU, Mardin Artuklu Üniversitesi
- > Doç. Dr. Rabea FATAH SHIKH MOHAMMAD, Salahaddin University
- > Doç. Dr. Ferzende İDİZ, Van Yüzüncü Yıl Üniversitesi
- > Doç. Dr. Abdulcebbar KAVAK, Ağrı İbrahim Çeçen Üniversitesi
- > Doç. Dr. Mehmet KESKİN, Van Yüzüncü Yıl Üniversitesi
- > Doç. Dr. Vecihi SÖNMEZ, Van Yüzüncü Yıl Üniversitesi
- > Doç. Dr. Hoger TAHER TAWFIQ, Universty of Zakho
- > Doç. Dr. Abdulhadi TİMURTAŞ, Van Yüzüncü Yıl Üniversitesi
- > Doç. Dr. Seyit Battal UĞURLU, Van Yüzüncü Yıl Üniversitesi
- > Doç. Dr. Darweesh YOUSIF HASAN, Universty of Duhok
- > Dr. Öğr. Üyesi Ahmet BARDAK, Hakkâri Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi İbrahim BAZ, Şırnak Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Erdal BİNGÖL, Hakkâri Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Ercan ÇAĞLAYAN, Muş Alparslan Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Mehmet Saki ÇAKIR, Siirt Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Beşir ÇELİK, Hakkâri Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Hüseyin ÇELİK, Gazi Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi M.Zahir ERTEKİN, Bingöl Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Davut EŞİT, Hakkari Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Saim GÜNDOĞAN, Hakkâri Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Canser KARDAŞ, Muş Alparslan Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Musa KAVAL, Hakkâri Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi İslam MUSAYEV, Hakkâri Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Yılmaz ÖZDİL, Mardin Artuklu Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Nesim SÖNMEZ, Van Yüzüncü Yıl Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Fatih Ramazan SÜER, Hakkâri Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Ayhan TEK, Muş Alparslan Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Mazhar TUNÇ, Hakkari Üniversitesi
- > Araştırmacı Halit YALÇIN

## DÜZENLEME KURULU / *Organisation Comittee*

- > Dr. Öğr. Üyesi Hasan AĞIL, Hakkari Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Ekrem Yaşar AKÇAY, Hakkari Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Erdal BİNGÖL, Hakkâri Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Ali ERDUMAN, Hakkari Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Davut EŞİT, Hakkari Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Selçuk EŞSİZ, Hakkari Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Abdulmenaf GÜL, Hakkari Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Emrah GÜL, Hakkâri Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Saim GÜNDOĞAN, Hakkari Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Gökhan GÜNEŞ, Hakkari Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Şevket ŞİMŞEK, Hakkari Üniversitesi
- > Dr. Öğr. Üyesi Fatih YEŞİLYURT, Hakkari Üniversitesi
- > Öğr. Gör. Duygu SELÇUK, Hakkari Üniversitesi
- > Öğr. Gör. Emin YILDIRIM, Hakkâri Üniversitesi
- > Öğr. Gör. Hasan ALKAN, Hakkâri Üniversitesi
- > Öğr. Gör. Hikmet YAŞAR, Hakkari Üniversitesi
- > Öğr. Gör. Murat ADIYAMAN, Hakkari Üniversitesi
- > Öğr. Gör. Nurettin ÇİFTÇİ, Hakkari Üniversitesi
- > Öğr. Gör. Ümran Roda SUVAĞCİ, Hakkari Üniversitesi
- > Öğr. Gör. Yunus TİKER, Hakkari Üniversitesi
- > Öğr. Gör. Taner AYDOĞAN, Hakkâri Üniversitesi
- > Arş. Gör. Eyüp AKDOĞAN, Hakkari Üniversitesi
- > Arş. Gör. Ferhat ARICI, Hakkâri Üniversitesi
- > Arş. Gör. Halit Ziya PAKİŞ,Hakkari Üniversitesi
- > Arş. Gör. Hayrullah EYĞİN,Hakkari Üniversitesi
- > Arş. Gör. Mehmet USLUER, Hakkâri Üniversitesi
- > Arş. Gör. Yaşar KAPLAN, Hakkari Üniversitesi
- > Arş. Gör. Yusuf TAN, Hakkâri Üniversitesi
- > Master Öğr. Kerem ENGİN, Hakkari Üniversitesi

# (درالمجالس)ی مەلاموسایێ هەکاری (مەتن و لێکۆڵین)

# Mullah Musa Hakkari's Dürrü'l-Mecalis Citation of the Written Manuscript (Text-Review)

# Molla Musa Hakkari'nin Dürrü'l-Mecalis İsimli Yazma Eseri (Metin-İnceleme)

**د.هێمن عومەرئەحمەد**
Dr. Hêmin Omar AHMAD
زانینگەها بینگۆل، بەشا زمان و ئەدەبیاتا کوردی.
heminahmad40@gmail.com

پوختە

ئـەم لێکۆڵینــەوە لــە ژێــر نــاوی (درالمجالســی مــەلا مووســای هــەکاری، مەتــن و لیکۆڵینــەوە) هەوڵـدەدات لـەم دەسـتخەتە بڵاونەکـراوە بکۆڵێتـەوە و سـاغی بکاتـەوە و بنەماکانـی ئـەو وەرگێڕانـە لەنـاو کـورد و شـێوەئاخاوتنی کرمانجـی شـەن و کـەو بـکات و شـێوازی وەرگێڕانەکـە و زمانـی چنینەکەی بخاتــە بــەر نەشــتەری لێکۆڵینــەوە، بــۆ ئــەم مەبەســتە باســەکە وێــرای ناســاندنی دەســتخەتەکە و نوســەرەکەی و ســەردەمی نووســینەکەی، ســەرچاوەی ســەرەکیی دەستخەتەکەشــی بــە زمانــی فارســی دۆزیوەتــەوە و ئەنجــا لایەنــی هونــەری هــەر یەکــە لــە دەســتپێك و جۆرەکانــی، کۆتایــی و جۆرەکانــی و ســەرچاوەی ناوەڕۆکــی حیکایەتــەکان بــە وردی توێژینــەوەی لەبــارەوە کــردووە.

**وشــەی کلیلــی:** در المجالــس، مەلامووســایێ هــەکاری، ژابــا، بایەزیــدی، حیکایەتــی کورمانجــی، مێــژووی وەرگێــڕان

**Abstract**

The paper entitled (Dur Almajalisi Mala Musay Hakari: A text and Study) tries to investigate and discern the unpublished manuscripts. The paper analyzes the basics, methods of this translation, and its language composition among the Kurds and the northern Kurdish dialect. For this reason, despite introducing the manuscript, the author, and the history of its writing, the paper has also found the source of the script in Persian language. Then, the paper accurately investigates the prologue and its types, the epilogue, and its types, and the reference of the content of the stories.

**Keywords:** Bayazidi, Dur Almajalis, History of translation, Kurmanji story, Mala Musay Hakari.

**پێشەکی:**

بێگومــان مێــژووی نووســراوی کــوردی لــە چــاو میللەتانــی دیکــەوە درەنــگ ســەریهەڵداوە، بــە شــێك لــە مێژوونووســانیش ڕۆژهەڵاتناســەکان و نێــردراوی وڵاتــان بوونــە، کــورد وەك میللەتێکــی مســوڵمانی نــاو ڕۆژهــەڵات کەمتــر مێــژووی زانســت و زانیارییەکــەی نووســراوەتەوە، بــە تایبەتــی ئــەوەی بــە کــوردی نووســراوەتەوە، چونکــە ســەردەمانێکی زۆر زمانەکانــی عەرەبــی و فارســی و تورکــی بەســەر زمانــی کوردیــدا زاڵ بــووە، لــەو ســۆنگەیەوە لەنــاو ئەدەبیاتــی کورمانجیــدا لــە دوای مــەلای جزیــری و ئەحمــەدی خانــی، بەشــێکی زۆری دەســتخەتە کوردییــەکان لەلایــەن ئەلیکســاندەر ژابــاوە لــە دەیــەی پەنجــا و شەســتەکانی ســەدەی نــۆزدەوە نووســراونەتەوە و ئەویــش بــە یارمەتــی مەلامەحمــوودی بایەزیــدی بــووە.

لەنــاو ئــەو دەستنووســانەدا، نــاوی کەســێك بــە (مەلامووســای هــەکاری) دێــت کــە کتێبــی (در المجالــس)ی لــە فارســییەوە وەرگێــڕاوە و ٥٨ چیرۆکــی لــە خۆگرتــووە، چیرۆکەکانیــش هەمەڕەنگــن لــە چیرۆکــی ئایینــی بگــرە تــا مێژوویــی و تــا ئەفســانەیی و تــا چیرۆکەکانــی ناوچەکــەی لەخۆگرتــووە، بــە شــێوەئاخاوتنێکی ڕێــك و ڕەوانــی هــەکاری وەریگێــراوە. ئــەم لێکۆڵینەوەیــە بەنــاوی **"(درالمجالــس)ی مــەلا مووســای هەکاری-مەتــن و لێکۆڵیــن-"** وێــرای ئــەوەی هــەر ٥٨ حیکایەتەکــەی ســاغکردۆتەوە

و خستویەتیە سەر ڕێنووسی عەرەبی(باشوور)، لەگەڵ ئەوەشدا بە چەند تەوەرەیەك شرۆڤە و لێكۆڵینی بۆ وەرگێرانەكە كردووە.

باسەكە لە چەند تەوەرێك پێكهاتووە، سەرەتا دەستخەتەكەی ناساندووە، پاشان هەوڵیداوە هەر یەك لە ئۆگست ژابا و مەلامەحمودی بایەزیدی و مەلاموسای هەكاری بناسێنێ، بە گوێرەی ئەو سەرچاوانەی كە باسیان لێوە دەكات، پاشان سەرچاوەی سەرەكی دەستخەتە فارسییەكەی ناساندووە و ئەنجا لێكۆڵینەوەی لە پێكهاتەی دەستخەتەكە كردووە و دابەشی سەر چەند سەرباسێكی كردووە، لەوانە: لە ناوونیشانی چیرۆكەكانی تۆژیتەوە و پاشان دەستپێك وەك بنەمایەكی هونەری چیرۆك و توێژینەوەی لەبارە كراوە و نمونەی هەموو حیكایەتەكان وەرگیراوە و دە جۆر و شێوازی دەستپێكی حیكایەتەكانی دیاركردووە و پاشان شرۆڤەی كردوون. دواتر لە چەمكی (كۆتایی) حیكایەتەكان دواوە كە لە ڕووی هونەرییەوە گرنگییەكی زۆری هەیە و لەو بارەشدا نۆ شێوە و شێوازی جیاجیای كۆتایی حیكایەتەكانی دیاریكردووە و بە نمونەوە دەستنیشانی كردوون.

لە تەوەری كۆتاییشدا بە ناوی سەرچاوەی ناوەڕۆكی حیكایەتەكان كراوە كە باسی لەو سەرچاوانە كردووە كە ناوەڕۆكی حیكایەتەكانی لێ پێك هاتووە، ئەویش هەر یەكە لە سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و مێژووی ئیسلامی و مێژووی گەلانی ناوچەكەی بە چەند لق و پۆپی جیاجیاوە باس كردووە. لە كۆتاییشدا بە چەند خاڵیك ئەنجامەكانی دەستنیشان كردووە.

### ١.ناساندنی دەستخەتەكە:

ئەم دەستخەتە كە لە كۆلیكسۆنی ئەلیكساندەر ژابا پارێزراوە، چەند چیرۆكێكە وەك خۆی ئاماژەی پێ دەكات كە وەرگێڕانی كتێبی (در المجالس)ە و بریتییە لە ٥٨ حیكایەت و ئەم حیكایەتانە لە دوو توێی ٩٤ لاپەڕەدا نووسراونەتەوە و لە سەرەتادا تەنیا ئەمە نووسراوە: كتاب در المجالس لملا موسی الحكاری و یەكسەر دەست بە چیرۆكی یەكەم كراوە.

لە كۆتاییدا ئەم چەند دێرە نوسراوەتەوە:

تەمام بوو تەرجەما كوتەیا درالمجالسی ب زمانێ كورمانجی، ژ تەقریرا مەلا موسایێ حەكاری ژ بۆی جەنابێ قونسول ژابایی. ٢ی رەبیعولئەوەلی ١٢٧٤.

واتە لە ١٨٥٧/١٠/٢١ لە نووسینەوەی ئەو كتێبە بوونەتەوە، خۆیشیان ناویان ناوە كوتەیب، واتە كتێبۆكە، یان نامیلكە و كتێبی بچووك، ئەم كارەش بۆ خاتری ژابای قونسولی رووس نووسراوەتەوە.

### ٢.ئۆگست ژابا كێیە؟

ئۆگست ژابا لە رۆژی ١٥ی ئابی ساڵی ١٨٠١ لە ڤیلنا لە لیتوانیا لە خێزانێكی سەربازیی لەدایك بووە. باوكی ناوی دۆمینیك ژابا (١٧٦٥-١٨٤٨) بووە، كەسێكی دەوڵەمەند بووە و خاوەنی چەندین گوند و ئاوایی بووە. لەناو بنەماڵەی ژابا لە شەش برا پێنجیان لە ریزی

ئەفسەری دا بوون. ژابا دوای ئەوەی هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی دەبڕێت، لە ٢٩ی ئایاری ساڵی ١٨٢٤دا لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا سەرەتا وەکوو وەرگێر کار دەکات، بەڵام ئەم کارەی بە دڵ نابێ و داوا دەکات هەر لە هەمان وەزارەت بیبەتە بەشی ڕۆژهەڵاتییەکان. دوای ئەوەی بە سەرکەوتوویی ئەم بەشە دەبڕێت، لە ٢ی نیسانی ١٨٢٨ دەبێتە وەرگێڕ لە کۆلیژی دەوڵەتیی بۆ کاروباری هەندەران. دوای ئەوەی لە ١٧ی نیسانی ١٨٣٠دا ئەرکێکی نهێنی لە یافا پێ دەسپێرن، زۆر سەرکەوتوو دەبێت و لەسەر پێشنیازی دەستەڵاتی سەرووی خۆیەوە لە ٢١ی نیسانی ١٨٣١ دەیخەنە ڕیزی کونسوڵی فەخری. لە دوای تەواوکردنی چەند ئەرکێك لە ئاداری ١٨٣٢ لە سالۆنیك و ئۆکتۆبەری ١٨٣٥ لە سمیرنا، لە ٢١ی ئاداری ١٨٣٨ وەکو یەکەمین وەرگێر و ڕاوێژکاری کونسوڵگەری گشتیی رووسیا لە سمیرنا کاردەکات. لە ١١ی تەمموزی ١٨٤٢ دەبێتە ڕاوێژکاری دەربار و لە ٢٢ی ئابی ١٨٤٦ میدالیای شەڕەف لە بەرامبەر خزمەتی بێ پسانەوەی پانزە ساڵی وەردەگرێت. لە ٢٩ی ئایاری ١٨٤٨ دا ژابا دەستنیشان دەکرێت بۆ پۆستی کۆنسولی ڕووسیا لە ئەرزەڕۆم و تا هەڵگیرسانی جەنگی قرم هەر لە پۆستی کونسوڵخانەی رووسیا لەو شارەدا ماوەتەوە.

لە ١١ی ئایاری ١٨٥٦ دووبارە بۆ جاری دووەم کرایەوە بە کونسوڵی ڕووسیا لە ئەرزەڕۆم و تا وەکو ٢٧ی حوزەیرانی ١٨٦٦ هەر لەم پۆستەدا مایەوە. ژابا ماوەی پانزە ساڵ زیاتر لە شاری ئەرزەڕۆم ژیاوە و لەم ماوەیەدا دوو جاو وەکو کونسوڵی ڕووسا لەوێدا ماوەتەوە لە نێوان (١٨٤٨-١٨٥٣) و (١٨٥٦-١٨٦٦) و لەم ماوەیەدا بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی ١٨٥٦ تا ١٨٦٦ ماوەی دە ساڵان ژابا توانیویەتی گەنجینەیەکی یەکجار گەورەی زمانی کوردی لە فەوتان ڕزگار بکات و بە یاریدەی زانای گەورە مەلامەحموودی بایەزیدی توانیان کۆمەڵێك دەستنووسی کوردی لە فەوتان ڕزگار بکەن. دەگوترێت ژابا زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی: تورکی، عەرەبی، فارسی و کوردی زانیوە و کۆمەڵە دەستنووسەکانی ژابا بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان ٢٦٠ دەستنووس بوون. لە کۆی ئەو ٢٦٠ دەستنووسە تەنیا ١٦٠ دەستنووسی ماون و ئەوانی تر ون بوونە کە پێدەچێ زۆربەیان دەستنووسی کوردی بن. لە دەستپێکی ساڵانی هەشتایەکانەوە پیری و نەخۆشی زۆریان بۆ هێناوە و لە نامەیەکدا بۆ یۆستێ لە ١٢ی ئایاری ١٨٨١ دا دەنووسێت: ڕاستییەکەی هێشتا چەند تێکستێکی دیکەی کوردیم لا ماوە، بەڵام ئەفسووس چیتر ناتوانم بە هۆی باری لەشساغیمەوە: لاوازی قاچ، دەست و بیناییم خەریکیان ببم. چابا لە ژیانیدا دوو ژنی هێناوە جۆزێفین و مۆسترا، ژنی یەکەمی ساڵی ١٨٣٠ گواستۆتەوە و ساڵی ١٨٤٨ لە سمیرنا کۆچی دوایی دەکات و لەم ژنە دە منداڵی هەبووە و دووەمینجار ساڵی ١٨٥٠ لەگەڵ ژنی دووەم هێلێن گیرۆ زەماوەند دەکات و لەویش دە منداڵی دەبێ. ژابا لە ٣ی ژانوڤیەی ١٨٩٤ لە سمیرنا و لە تەمەنی نەوەد و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. [١]

١ - ئۆگست ژابا، فەرهەنگی کوردی-فەرەنسی، پێشەکی و وەرگێرانی پێشەکی و دووبارە لە چاپدانەوەی: د.نەجاتی عەبدوڵڵا. هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٥ و ١٦.

### ٣.مەلامووسایێ هەکاری کێیە؟

ئـەم وەرگێـڕان و کتێبـەی در المجالـس کـە لـە سـەرەتادا بـەو شـێوەیە نووسـراوە (کتـاب در المجالـس لملا موسـی الحکاری)، لێرەدا نـاوی مـەلا مووسـا هاتـووە و یەکسـەر دەسـت بە نووسـینەکە کـراوە و لـە کۆتاییشـدا دەڵـێ تـەواو بـوو ئـەم کتێبـە ژ تەقریـرا مەلامووسـایێ هـەکاری بـۆ خاتـرێ میرژابـای. کـە لـەم نووسـینە ورد دەبینـەوە ئـەوەی لـێ دەفامرێتـەوە کـە کاتـی نووسـینەوەی ئـەو کتێبـە بـۆ میرژابـا، مـەلا مووسـا لـە ژیانـدا نەمـاوە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی دەستنووسـەکانی دیکـە بـە پێشـەکییەك دەسـت پێدەکـەن و ئامانجـی نووسـینەکەی ڕوون دەکەنـەوە، وەك دەسـتنووی (تحفـة الخـلان فـی زمـان کـوردان) لـە دەسـپێکدا وەهـا دەنووسـێت: "پاشـی پەسـنا خـودێ و سـەلەواتا سـەرنجا، تـو بزانـی کـو سـەبەبێ پێـك ئێخسـتنا ڤـی ریسـالەیێ، ئـەوە کـو مـە دگـەل کونسـولێ دەولەتـا فەخیمـا روسـییە کـو سـاکینە ل ئەرزەرۆمـێ، میـر ژابـا ژ مێـژ دۆسـتی و ناسـی هەبـوو و ئـەوی ژی قـەوی زێـدە مەیـلا زانینـا زمانـێ کورمانجـان دکـر، ئیجـاری مـە ژی مـوراد کـر کـو ئـەم ژی ریسـالەیەکی د بەحسـا وی زمانیـدا پێـك ب خینـن، ئیـدی مـە دەسـت پـێ کـر و ناڤـێ ریسـالەیێ ژی توحفەتولخـەلان فـی زمانـێ کـوردان هاتـە دانیـن، خـودێ تەمـام کرنـێ ژی راسـت بینـە، ئامیـن".[٢] لەمـەوە دەردەکەوێـت کـە ئەگـەر نووسـەر بـۆ خـۆی لـە ژیانـدا بێـت، لانـی کـەم شـتێك دەنووسـێت، بـەڵام مـادەم لـە سـەرەتاوە وەك کەسـی غائیـب نـاوی هاتـووە کـە کتێبەکـە هـی فـلان کەسـە و لـە کۆتاییشـدا دەڵـێ لـە تەقریـری فـلان کەسـە، دەردەکەوێـت کـە هـەر مەلامەحمـوودی بایەزیـدی یـان کەسـێکی دیکـە بـۆ ژابـای نووسـیوەتەوە. چونکـە خەتـی ئـەم دەسـتخەتە هەمـان خەتـی ئـەو دەسـتخەتانەیە کـە مەلامەحمـوودی بایەزیـدی نوسـیویەتیەوە.

تـا ئێسـتاش چ لەنـاو مێـژووی زانایانـی کـورددا و چ لەنـاو ئـەو دەسـتخەتانەدا هیـچ ئاماژەیـەك بـە ژیانـی مەلامووسـای هـەکاری نـەدراوە، هـەر ئەوەنـدە نـاوی هاتـووە و لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە لـە دەسـتخەتەکە ڕادەمێنیـن بـە تـەواوی دەردەکەوێـت کـە بـە دەڤـۆك و شـێوەئاخاوتنی ناوچـەی هـەکاری نووسـراوە. ئەگەرچـی فەرهـاد پیربـاڵ پێـی وایـە مەلامووسـاش لەنێـو ئـەو مەلایەنـەدا بـووە کـە هـاوکاری ژابایـان کـردووە (مـەلا مووسـای هـەکاری لـە زمانـی فارسـییەوە کاری بـۆ کـردووە)[٣]. ئـەم دەستنووسـانە لـە نـاو دەستنووسـەکانی ژابـادا ژمـارە kurd٤٩ی بـۆ دانـدراوە و (کۆمەڵـە حەکایەتێکـی میللیـن، مـەلا مووسـای هـەکاری لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی ١٩مـدا لـە فارسـییەوە وەریگێـڕاون: شـیرین و فەرهـاد، یوسـف و زلێخـا، زوحاکـی پاشـا، رۆسـتەم، نەوشـیروان و دارەوان، بووکگواسـتنەوەی جەنگیزخـان... کـە بـە خەتـی مەلامەحمـوودی بایەزیـدی نووسـراونەتەوە.)[٤]. کەواتـە بـە پێـی بۆچوونـی فەرهـاد پیربـاڵیـش بـە دەسـتی مەلامەحمـوودی بایەزیـدی نووسـراوەتەوە و ڕەنگـە ئـەو کاتـە مـەلا مووسـا یـان کۆچـی دوایـی کـردووە، یـان لەبەرئـەوەی بایەزیـدی زۆر لـە ژابـا نزیـك بـووە، بۆیـە هـەر ئـەو دووبـارە نووسـیویەتیەوە.

---

٢ - بڕوانە دەستخەتی (تحفة الخلان فی زمان کردان)ی مەلامەحموودی بایەزیدی، کۆلیکسۆنی ژابا.

٣ - فەرهـاد پیربـاڵ، مەلامەحمـوودی بایەزیـدی یەکـەم چیرۆکنـووس و پەخشاننووسـی کـورد، هەولێـر، ٢٠٠٠، ل ٤. ئەویـش لـەم سـەرچاوەیەی وەرگرتـوە: ژ.س. مووسـایلیان: ئـا. ژابـا و کوردسناسـی، وەرگێڕانـی لـە رووسـییەوە: شـێروان مەحمـوود محەمـەد، گۆڤـاری رووناکبیـری، ژ ٣-٤، سـتۆکهۆڵم: ١٩٩٣، ل ٤١.

٤ - مێـژووی وەرگێـران لـە ئەدەبیاتـی کوردیـدا لـە کۆنـەوە تـا ١٩٣١، د.فەرهـاد پیربـاڵ، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر، ٢٠٠٢، ل ٣٢.

### ٤.مەلامەحموودی بایەزیدی کێیە؟

مەلامەحمــوودی بایەزیــدی لــە ســاڵی ١٧٩٩ لــە ناوچــەی بایەزیــد لــە باکــووری ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانی تورکیا لەدایك بــووە. هــەر لەوێــش دەســتی بــە خوێنــدن کــردووە، پاشــان لــە تەورێــز فێــری فارســی بــووە، ئنجــا ســەر لەنــوێ هاتۆتــەوە شــارەکەی خــۆی و بــووە بــە بەڕێوەبــەری قوتابخانــەی ئایینــی (حوجــرە). بایەزیــدی لەگــەڵ شــکانی بەهلــوول پاشــای کــورد، دوایــن میــری کــورد لــە بایەزیــد، شــارەکەی خــۆی جێدێڵــێ و دەچێتــە ئــەرزەڕۆم و لــەوێ دەبێتــە خواجــە، پایەیەکــی بــەرز لەنــاو نووســەر و ڕۆشــنبیرانی ئــەوێ داگیــردەکا. لەکاتــی ڕاپەرینەکــەی بەدرخــان پاشــای جەزیــرە لــە ســاڵی ١٨٤٦ دژی عوســمانییەکان، مەلامەحمــوودی بایەزیــدی بەرپرســیارییەکی مێژوویــی دەکەوێتــە ئەســتۆ. شــارەزایی بایەزیــدی لــە بــارەی چــوار زمانــە گرنگەکــەی ڕۆژهەڵاتــدا هێنــدە فــراوان بــووە، کــە لەنــاو نووســەرەکانی شــاری ئەرزەڕۆمــدا تەنیــا ڕوو لــە بایەزیــدی دەکــرا بــۆ نووســین بــە فارســی یــان بــۆ وەرگێــران لــە فارســییەوە بــۆ تورکــی. لــە ڕەوانبێــژی و ئەدەبیاتــی عەرەبــی و فارســی و تورکیــدا شــارەزاییەکی بــێ وێنــەی هەبــووە. قورئاننــاس، مەلایەکــی شــارەزا، نووســەرێکی بەتوانــا بــووە. لــە نازنــاوە ئەدەبییەکانــی مەلامەحمــوودی بایەزیــدی: مەحمــوود ئەفەنــدی، فەقیرمەحمــوود ئەفەنــدی، خواجــە مەحمــوود ئەفەنــدی.[٥]

### ٥.گرنگی ئەم حیکایەتانە بەلای ژاباوە:

دیــارە ئــەم حیکایەتانــە بــەلای ئەلیکســاندەر ژابــاوە زۆر گرنــگ بــووە، بۆیــە لــە نوســخەی kurdA٤١ هوە ژابــا بیســت و یــەك حیکایەتــی یەکەمــی ئــەم کتێبــە وەردەگەڕێنێتــە ســەر زمانــی فەڕەنســی و شــێخ نــزار دەنووســێتەوە و ژابــاش لــە لاپــەڕەی تەنیشــتییەوە وەرگێڕانــە فەرەنســییەکە دەنووســێتەوە.[٦]

### ٦. دەقی ڕەسەنی دەستخەتەکە بە چ زمانێکە و هی کێیە؟

بێگومــان مــادەم لــە دەســتخەتەکەدا نووســراوە تەرجەمــەی کتێبــی در المجالــس، دەردەکەوێــت کــە لــە زمانێکــی تــرەوە بــۆ ســەر زمانــی کــوردی وەرگێــڕدراوە، بۆیــە دوای گەڕانێکــی زۆر، دەســتخەتەکەمان بــە زمانــی فارســی دۆزییــەوە کــە چەنــد نوســخەیەك لــە دەســتخەتەکەی پارێــزراوە. وەك لــە دەســتخەتەکە و لــە پێرســتی کتێبــی فارســیدا هاتــووە، "در المجالــس هــی ســیف ظفــر نوبهــاری یــە"[٧] لــە ماڵپــەری گەنجینــەی دەســتخەتەکانی ئێرانــی دا نــۆ دەســتخەتی جیــاوازی ئــەم کتێبــە هەیــە.[٨] لــە ســەرچاوەیەکدا وا هاتــووە کــە ئــەم دەســتخەتە لــە ٣٣ بــەش پێکهاتــووە و بابەتەکانــی بریتیــن لــە ئاییــن و عیرفــان و مێــژووی تەســەووف و حــاڵ و بــاری گــەورە پیــاوان و پێشــەوایانی ئاییــن و عیرفانــە. بەشــی یەکــەم باســی ئافراندنــی ئــادەم و خەســڵەتەکانی دەکات و بەشــی ســی و دووەمیــش حیکایەتــی ســولتان ئەبوســەعید ئەبولخەیــرە. هــەر لــە پێرســتی کتێبخانــەی

---

٥ - فەرهاد پیرباڵ، مەلامەحموودی بایەزیدی یەکەم چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٤

٦ - بڕوانە ئەرشیڤی ژابا kurdA٤١.

٧ - فهرس کتب قلمی ومطبوع، مطبعه گلدسته نشاط، ١٨٣٧، ص ٩٩

8 - http://totfim.com/Books/Details/22795

میلیـدا وا هاتـووە کـە لـە دەسـپێکدا بـە بسـمیللا و سـوپاس و ستایشـی خـودا دەکات و ئینجا دەڵێـت بەنـدەی گوناهـکار سـەیف ظفـر بوسـتانی.....

کەواتـە دەرکـەوت کـە بەرهەمەکـە بـە زمانـی فارسـییە، بـەڵام مـەلا موسـای هـەکاری نەهاتـووە هەمـووی کـت و مـت وەربگەڕێنێـت، بەڵکـو چەنـد بەشـیکی وەرگێـڕاوە و هەندێکیشـی خـۆی لێـی زیـاد کـردووە.

**٧.پێکهاتەی دەستخەتەکە:**

**١-ناوونیشـان:** ناوونیشـان لـە پێکهاتـەی دەقـدا، وەکـو گۆچانێـك وایـە لـە دەسـتی مـرۆڤ. بـە بـێ ئـەم سـەرە، گۆچـان واتـای سـەرەکیی خـۆی لـە دەسـت دەدات. یـان ئەگـەر پێکهاتـەی هـەر یەکـە لـە ناوونیشـان و دەسـتپێك و دەق وەربگریـن، وەکـو پێکهاتـەی لاشـەی مـرۆڤ دێتـە بەرچـاو. ئەمـە بـۆ هەمـوو دەقێکـی ئەدەبـی بـە گرنـگ دادەنـرێ، بـە تایبەتـی بـۆ دەقـی چیـرۆك، چونکـە لـە دەقـی شـیعریدا بـە تایبەتـی لـە شـیعری کلاسـیك، بـە بـێ زانینـی ناوونیشـان، کۆپەلەیـەك، یـان دێرێـك، سـەربەخۆیی خـۆی دەبـێ و بەشـێکی زۆری بەهـا ئیسـتاتیکییەکانی لەگـەڵ خۆیەتـی، بـەڵام لـە دەقـی چیرۆکـدا بـێ زانینـی ناوونیشـان، ئامادەیـی لـە خوێنـەر بـەو ڕادەیـە نییـە بـۆ وەرگرتنـی بەهایـەکان. دیسـان پارچەیـەك یـان بەشـێکی دەقەکـەش وەکـو دەقـە شـیعرییەکە ئـەم سـەربەخۆییەی نییـە، کـە بەهایەکانـی خـۆی بـە تـەواوی بـۆ وەرگـر بگوازێتـەوە، چونکـە پێکهاتـەی چیـرۆك بەیەکـەوە لـکاو و گرێـدراوە و هەموویشـی بـە ناوونیشـان بەسـتراوەتەوە.[٩]

تەنیـا لـە هەقایەتـی یەکەمـدا نووسـراوە حیکایەتـی بەرسیسـایێ، ئەگەرنـا لـە هـەر ٥٨ حیکایەتەکـەی دیکـەدا تەنیـا ژمـارەی بـۆ دانـدراوە، بـۆ وێنـە حیکایـەت ٢، حیکایـەت ٣،..... بـەو شـێوەیە تـا کۆتایـی پـێ دێـت.

**٢-دەسـتپێك:** دەسـتپێك دوای ناوونیشـان یەکەمیـن دەروازەی چوونـە نـاو ناوەڕۆکـی دەقـە، ئـەم دەسـتپێکە لـە چیرۆکـە فۆلکلۆرییەکانیشـدا زۆر گرنگـی پێـدراوە، بەتایبەتیـش ویسـتراوە بەرگێکـی ئایینـی بەبـەردا بکرێـت. جـا لەمەشـدا هەندێـك جـار جۆرێـك لـە مۆسـیقاش بەبـەر دەربڕینەکـەدا کـراوە وەك جۆریـك لـە کێـش و سـەروا، یـان سـەجع، نموونـەی هـەر دیاریـش لـە چیرۆکـە فۆلکلۆرییەکانـدا: هەبـوو نەبـوو کـەس لـە خـودا گەورەتـر نەبـوو، کـەس لـە پێغەمبـەری ئازیزتـر نەبـوو، هاتۆتـە ئـاراوە.

لـەم دەسـتخەتە وەرگێـڕدراوەی مـەلا مووسـای هەکاریـدا، چەندیـن جـۆر دەسـتپێك هـەن، کـە گرنگترینیـان:

"هەیە نینە نێکدا فانینە ئێ کو ئەبەد خودێ تەعالا دمینە"[١٠]

لـە چیرۆکـی دووەم و سـێیەم، ڕاسـتەوخۆ دەربڕینـی "ڕیوایـەت تێتـە کـرن" هاتـووە و پاشـان ڕاسـتەوخۆ درێـژە بـە چیرۆکەکـە دەدات. ئەمـە بـەردەوام دەبێـت، تەنیـا چەنـد شـێوەیەکی جیـاواز دەبینرێـن لـە جـۆری دەسـتپێکەکاندا:

---

٩ - شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، هێمن عومەر خۆشناو، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٨٨

١٠ - حیکایەتا یەکەم، حیکایەتا شێخ بەرسیسایێ.

أ/ پەسـندانی گێـڕەڕەوەکان: بـۆ وێنـە دەربڕینـی (ناقیـلان ئەخبـار و شـیرین گوفتـار وهـا ڕوایـەت و بەیـان دکـن[١١] یـان وهـا ریوایـەت کرینـە لـە حیکایەتـی ١٣ و (ناقیـلان شـیرین گوفتـار وهـا ریوایـەت کرینـە [١٢]) و (ڕاوییـان ئاسـار و، ناقیـلان ئەخبـار، وهـا نەقـل و بەیـان دکـن[١٣]) و (راوی د ئەخبـاری لەتیفـە وهـا بەیـان دکـن[١٤]) (راوییـان ئەخبـار و ناقیـلان ئاسـارێ شـیرین گوفتـار ب ڤـێ تـەرزێ نەقـل و بەیـان دکـن[١٥]) ئەمانـە جۆرێـك لـە پەسـندان و شـیرین کردنـا ڕووی ڕاوویانـە بـۆ گوێگـر و خوێنـەر، ئاسـاری شـیرین گوفتـار و ناقیلانـی شـیرین گوفتـار پەسـندانێکە بـۆ گێـڕەرەوەکان.

ب/پەسـندانی ئـەو کتێبانـەی کـە چیرۆکەکەیـان لـێ وەرگیـراوە: بـۆ وێنـە (د کوتوبـی موعتەبـەرە، ژ راوییـان تێنـە نەقـل کریـن ). ئەمـەش جۆرێکـە لـە سەرنجڕاکێشـانی خوێنـەر و بیسـەر بـۆ ئـەوەی دڵنیاییـان بداتـێ کـە کتێبـەکان کتێبـی حسـێب بۆکـراون، نـەك کتێبـی سـادە و بـێ هێـز.

ج/جـۆری کتێبـی وەرگیـراو بـاس دەکات، ئەویـش بـە ناوهێنانـی جـۆری کتێبـەکان، وەك کتێبـی بەنـی ئیسـرائیلییەکان، لێـرەدا هـەر زوو خوێنـەر یـان بیسـەر بیـری بـۆ ئـەوە دەچێـت کـە ناوەڕۆکـی چیرۆکەکـە بـاس لـە کەسـایەتییەکی بەنـی ئیسـرائیلییەکان دەکات، کـە زیاتـر پێغەمبەرانـی بەنـی ئیسـرائیلی دەگرێتـەوە: (د کوتوبێـد بەنـی ئیسـرائیلان نەقـل دکرین[١٦]).یـان (ژ کوتوبێـد بەنی ئیسـرائیلان نەقـل دکن[١٧])

د/دیاریکردنـی جـۆری مێژووەکـە، بـۆ ئـەوەی بزانـرێ مێژووەکـە هـی کەیـە و هـی چ سـەردەم و تایبەتـە بـە چ کەسـایەتییەك، بـۆ وێنـە مێـژووی خەلیفـەکان: ڕاوی تەواریخێـد خەلیفـان، وهـا ریوایـەت دکـن.

ه/ دەستنیشـانکردن و ناوهێنانـی کتێبەکـە وەك سـەرچاوەی هەڵهێنجانـی هەقایەتەکـە، بـۆ وێنـە کتێبـی ئەسـکەندەرنامە کـە کتێبێکـی ناسـراو بـووە و لـە نـاو فـارس و کـورددا زۆر بـە گرنگییـەوە تەماشـا کـراوە. (د ئەسـکەندەرنامەیێ وهـا تێتـە ریوایـەت کریـن[١٨]).

و/ دەستنیشـانکردنی جـۆری گێـڕەڕەوە (راوی)یـەکان کـە پسـپۆڕی کام سـەردەمەی مێـژوون، بـۆ وێنـە ڕاوییەکانـی تاریخـی فەتحـی وڵاتـان، کـە زیاتـر ئـەو کتێبانـە دەگرێتـەوە کـە بـاس لـە فەتحـی ئیسـلام دەکـەن لـە وڵاتانـدا: (ناقـل و راوییێـد تەواریخـا فەتحا بیـلادان وهـا نەقـل و بەیـان دکـن[١٩])

ز/دەستنیشـانکردنی مێـژووی شـوێن و شـوێنی ڕاوییـەکان، بـۆ وێنـە مێـژووی ئێـران: (ڕاوی د

١١ - بروانە حیکایەتی ژمارە١٣

١٢ - بروانە حیکایەتی ژمارە ٢٣.

١٣ - بروانە حیکایەتی ژمارە٢٩

١٤ - بروانە حیکایەتی ژمارە٢٧

١٥ - بروانە حیکایەتی ژمارە٥٠

١٦ - بروانە حیکایەتی ژمارە٢٠

١٧ - بروانە حیکایەتی ژمارە٣٥

١٨ - بروانە حیکایەتی ژمارە ١٤

١٩ - بروانە حیکایەتی ژمارە ٢٢

تەواریخێـد ئیرانـێ،[٢٠])، یـان ڕاوییەکانـی شـاری شـیراز: (ژ راوییێـد باژێـرێ شـیرازێ وهـا تێتـه نەقـل و بەیـان کریـن[٢١])

ح/پاڵدانـه سـیفەت بـۆ لای ڕاوییـەکان، وەك راویـی شـێر، یـان ڕاوی سـیاح: (ڕاوییێـد صیـاح وهـا نەقـل دکـن[٢٢]) یـان (ڕاوییێـد شـێر خەبـەر وهـا نەقـل و بەیـان دکـن،[٢٣]).

ط/ دەسـپێك لـە شـوێنی ناوونیشـان: لـە دوو چیرۆکـدا مەلامووسـا دوای ئـەوەی ژمـارەی حیکایەتـەکان دەنووسـێ، ڕاسـتەوخۆ دەسـتپێکەکە وەك ناوونیشـان دەهێنێتـەوە، بـۆ وێنـە یەکسـەر دەڵێـت ئەمـە چیرۆکـی فـڵان کەسـە: (ئـەڤ قسسـەیا قتـلا حەزرەتـی حەسـەنە رەزیەللاهـو تەعـالا عەنهـو[٢٤]) یـان (قسسـەیا قەتـلا حەزرەتـی حسـێن رەزیەللاهـو تەعـالا عەنهـو[٢٥]).

ی/دەسـپێك بـە نـاوی ڕاوییەکانـەوە جـا راویـێ نـاو مێـژوو بێـت، یـان ڕاوییەکانـی رابـردوو بێـت، یـان ڕاوی خەسـلەتی ئەخبـاری دەدرێتـە پـاڵ، وەك : (راویـێ د تەواریخـان وهـا ریوایـەت و نەقـل و بەیـان دکـن،[٢٦]) یـان (ڕاوی و ناقلانێـد ماضیـە ڕیوایـت دکـن[٢٧]) یـان (ڕاوییـان ئەخبـار ب ڤـی تـەرزی نەقـل و بەیـان دکن[٢٨]).

**٣- کۆتایـی:** کۆتایـی کـە دوا چۆڕاوگـەی چیرۆکـە و بـە قوفڵدانـی ئامانـج و مەبەسـتەکە کۆتایـی پـێ دێـت، گرنگییەکـی زۆری هەیـە بـۆ ئـەوەی چیرۆکەکـە گـرێ بـدات و هەمـوو مەبەسـتەکەی تێـدا چـڕ بکاتـەوە. بـە گشـتی هەقایەتـە کۆنـەکان ئامانجێکـی پەروەردەیـی ئامۆژگاریکردنـی لەپشـت بـووە، بۆیـە دانایـی و حیکمەتەکـە بەشـی زۆری دەکەوێتـە کۆتایـی هەقایەتـەکان. ئەمـەش بێگومـان کاریگەریـی قورئانـی پیـرۆزی بەسـەرەوەیە، هـەر لـە چیرۆکـی پێغەمبـەران کـە خـوای گـەورە بـە (أحسـن القصـص[٢٩])ی واتـە باشـترینی چیرۆکـەکان ناودێـر کـردووە، تـا یـەك بـە یەکـەی چیرۆکـەکان هەموویـان کۆتاییەکانیـان وەك گرێدانـی مەبەسـت و مـژاری چیرۆکەکانـە، بـۆ وێنـە خەونەکـەی حەزرەتـی یوسـف لـە سـەرەتاوەیە و کۆتاییەکەشـی بەدیهاتنـی خەونەکەیـە کـە یـازدە ئەسـتێرەکان و مانـگ و ڕۆژ واتـە دایـك و باوکـی یوسـف و برایەکانـی دێـن سـوژدەی حورمـەت و ڕێـز بـۆ یوسـف دەبـەن.

لـەم دەسـتخەتەی مەلامووسـای هـەکاری و لـە هـەر ٥٨ چیرۆکەکـەدا، چیـرۆك گێـڕەڕەوە، یـان بـە واتایەکـی دیکـە بلێیـن وەرگێـڕ کـە مەلامووسـایە، لـە کۆتایـی چیرۆکەکانـدا زۆر بـە کورتـی ئامانجەکـەی چڕکردۆتـەوە و پەنـد و عیبرەتەکـەی دەستنیشـان کـردووە. دەتوانیـن چەنـد

٢٠ - بروانه حیکایەتی ژماره ٢٥

٢١ - بروانه حیکایەتی ژماره ٣٩

٢٢ - بروانه حیکایەتی ژماره ١٥

٢٣ - بروانه حیکایەتی ژماره ٣٦

٢٤ - بروانه حیکایەتی ژماره ٤١

٢٥ - بروانه حیکایەتی ژماره ٤٢

٢٦ - بروانه حیکایەتی ژماره ١٦

٢٧ - بروانه حیکایەتی ژماره١٧

٢٨ - بروانه حیکایەتی ژماره ٤٤

٢٩ - سورة یوسف، الایة ٣

شـێوەیەکی جیـاوازی کۆتایـی چیرۆکـەکان لێـرەدا دەستنیشـان بکەیـن:

**یەکەم:** کۆتایی هێنان بە دوعا:

گێـڕەڕەوە لێـرەدا پێـش ئـەوەی بـە تـەواوی ئامانـج و مەرامـی هەقایەتەکـە ڕوون بکاتـەوە کۆتایـی پـێ بێنێـت، بـە دوعایـەك دەروازەی کۆتایـی هێنانەکـە دەسـت پێـدەکات. بـۆ وێنـە لـە هەقایەتـی بەرسیسـایێ عابیـددا، پێـش کۆتایـی وەهـا دەنووسـێت:

خودێ حیفز بکە، ئیبلیس دوژمنەکی قەوییە، دائیمەن عەدوویێ بەنی ئادەمانە.[٣٠]

**دووەم:** کۆتایی هێنان بە ڕووداوەکە و هیچ زیادەیەکی گێڕەڕەوە نییە:

لـەم جۆرەیانـدا گێـڕەرەوە یەکڕاسـت چیرۆکەکـە کۆتایـی پـێ دێنێـت و هیـچ ئاماژەیـەك نـادا بـەوەی چیرۆکەکـە کۆتایـی پـێ هاتـووە و خوێنـەر خـۆی لەنـاو ڕووداوەکانـەوە دەزانێـت کـە تـەواو بـووە. لـەم کتێبـەدا چەنـد نمونەیـەك هـەن، لەوانـە چیرۆکـی ژمـارە ٢. و ٢٤، ٣١، ٣٥.

**سـێیەم:** کۆتایـی هێنـان بـە ئامۆژگاریکـردن: لـەم جۆرەیانـدا گێـڕەڕەوە وەك پەنـد و عیبرەتێـك شـۆرەت و ئامـۆژگاری دەکات، ئـەو ئامۆژگارییـەش هەڵقـوڵاوی نـاو چیرۆکەکەیـە: بـۆ وێنـە لـە حیکایەتـی (٣) دا گێـڕەڕەوە وەهـا دەنووسـێت:

لازمـە بەنـی ئـادەم هـەر شـۆلەکیدا ئینسـاف و مرووەتـی ژ د دەسـتێ خـۆ بەرنـەدە، مرەڤـەك بـێ رەحمـی یـە بکـە راسـتی بـێ رەحمەتـی تـێ، خـوەدێ تەعـالا رەحیمـە و حـەز ژ رەحیمـان دکـە. وەسسـەلام.[٣١]

هەروەها لە حیکایەتی ٦ دا دەڵێت:

(سـەب ڤـێ خەبـەری قنـج نینـە کـو مـرەڤ مەسـخەرە و تەرانەیـێ ب کەسـەکی بکـە زەمانـە لحالەکـی نامینـە، پاشـی دبـە کـو ئـەو مـروڤ ژ وی چێتـر بدەرکەڤـە. ئاخیـری هـەر شـۆلان خـوەدێ تەعـالا دزانـە. وەسسـەلام.)[٣٢]

**چـوارەم:** جۆرێکـی دیکـە لـە هەقایەتـەکان هەیـە، گێـڕەڕەوە تەنیـا بـە دەربڕینـی (والسـلام) کۆتایـی بـە چیرۆکەکـە دەهێنێـت. وەك ئـەوەی کـە ناوەڕۆکـی هەقایەتەکـە ڕوون بێـت و پێویسـت بـە ئامـۆژگاری و ڕوونکردنـەوەی پەنـد و عیبرەتەکـە نـەکات. بـۆ وێنـە لـە چیرۆکـی ژمـارە (٤) دا دوای تەواوبوونـی ڕووداوەکـە، تەنیـا نوسـیویەتی (والسـلام).

**پێنجـەم:** کۆتایـی هێنـان بـە ڕوونکردنـەوە و باسـکردنی سـەرچاوەی سـەرەکیی چیرۆکەکـە، ئەمـەش وەك پشـتگیرییەك بـۆ ئـەوەی نیشـان بـدات کـە سـەرچاوەی ئـەم ڕووداوە دروسـتە، بۆیـە ئـەو ڕوونکردنەوەیـە دەدات. لـە حیکایەتـی ژمـارە (٥) دا گێـڕەڕەوە وەهـا دەنووسـێت:

(ئـەڤ قسسـەیا د نێـڤ قورئانـێ عەزیموششـەئنی ژی، ب ڤـێ وەجهـێ مەزکـوورە و د

---

٣٠ - بروانە حیکایەتی ژمارە ١

٣١ - بروانە حیکایەتی ژمارە ٣

٣٢ - بروانە حیکایەتی ژمارە ٦

تەواریخانـدا ی مەسـطووره، ئیـدی قنـج خـوەدی تەعـالا پـێ دزانـە.)[٣٣]، ئەمـەش نیشـانەی ئەوەیـە کـە پشـتگیرییەکەی نیشـان دا و دواتریـش ئـەوەی باشـە هـەر بـۆ خـودای دەگەڕێنێتـەوە.

یـان (ئـەڤ حیکایەتـا د نیـڤ قورئانـێ عەزیـم ئینشـانی هەیـە و مەعلوومـە، هـەر چـی ئینـکارا ڤـی قسـسـەیێ بکتـن، مەعازەلـلا کافـرە. دا تـو بزانـی کـو خـوەدێ تەعـالا قادیـرە.)[٣٤] لەمەشـدا وەك هەڕەشـەیەك نیشـان دەدات کـە هـەر کـەس بـاوەڕی بـەم چیرۆکـە نەبێـت، کـە لـە قورئانیشـدا هاتـووە، ئـەوا کافـرە.

**شەشـەم:** کۆتایـی وەکـو پوختـە و خولاصـە: ئەمـەش بـە دەربڕینـی زۆر کـورت دێتـە دی، بـەوەی ئامانـج و مەبەسـتی چیرۆکەکـە لـە یـەك یـان دوو ڕسـتە کـورت بکاتـەوە و بـە زۆری هـەر بـۆ خـۆی دەنووسـێت: خولاصـە. وەك لـە حیکایەتـی ٧ دا هاتـووە:

(خولاصـە، دیسـان مەعلوومـە کـو ئیعتیبـار بـە ژنـان نایـێ کریـن، لـەورا عەقـل و دەرکا وان کێمـە، دا تـو بزانـی.)[٣٥]

**حەوتـەم:** کۆتایـی هێنـان بـە قسـەکردن لەگـەڵ گوێگـر یـان خوێنـەر، ئەویـش بـە دەربڕینـی (دا تـو بزانـی)، وەك ئـەوەی ئامـۆژگاری بـکات بـەڵام ئـەو دەربڕینـەی سـەرەوەی لەگـەڵ چەنـد حیکایەتێـك هێناوەتـەوە. بـۆ وێنـە:

(ژ قیسسـەیێ حەقـە، دا تـو بزانـی کـو نەفـس دژمنکـی مەزنـە، حەتـا پێغەمبـەر ژی مەعـازەڵا ژ رێ دەرکەتنـە. خـوەدی تەعـالا مەگـەر مـرۆڤ حیفـز بکـە.)[٣٦]

یـان (دا تـو بزانـی کـو ب غەیـر ژ خواسـتنا خـوەدێ ئەسـلەن تشـتەك نابـی، دا دلـێ خـوە هـەر ب جەنابـێ بـاری گرێـدەی، وە گـەر نـە سـەعیا مرەڤـان بـێ موقـەددەر بەتالـە.)[٣٧]

ئـەو دەربڕینـی (دا تـو بزانـی) و بـەو شـێوەیەی سـەرەوە لـە چیرۆکەکانـی (١١، ١٢، ١٣، ١٥، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢٢، ٢٣).

**هەشـتەم:** کۆتایـی هێنـان بـە دەربڕینـی (واللـە اعلـم) خـودا زاناتـرە، ئەمـەش لـەو کاتـەدا دێـت ئەگـەر زانیارییەکـی سـەرنجڕاکێش بـاس بـکات و یـان لـە کۆتاییەکـەدا گێـڕەرەوەش زۆر زانیـاری نەبێـت، بۆیـە دەنووسـێت، (واللـە اعلـم)[٣٨].

**نۆیـەم:** کۆتایـی هێنـان بـە دەربڕینـی مـەرام: ئەمـەش پوختـەی مەبەسـتەکەی تێـدا ڕوون دەکاتـەوە بـەوەی گێـڕەرەوە دەیەوێـت مـەرام و مەبەسـتەکە کـورت بکاتـەوە:

**وەك:** (مـوراد ژ ڤـی حیکایەیـێ ئـەوە کـو تـو بزانـی مـال و دەولەتـا دنیایـێ زایـل دبـە و دچـە، لاکیـن سـەوابێ ئیحسـانێ د ئاخیرەتـێ باقییـە و ناڤـی وی مرۆڤـی ژی حەتتـا کـو دنیـا هەیـە دێـت

٣٣ - بروانە حیکایەتی ژمارە ٥

٣٤ - بروانە حیکایەتی ژمارە ٢١

٣٥ - بروانە حیکایەتی ژمارە ٧

٣٦ - بروانە حیکایەتی ژمارە ٨

٣٧ - بروانە حیکایەتی ژمارە ١٠

٣٨ - بروانە حیکایەتی ژمارە ١٤

گۆتـن، هنـده میقـدار زەمانـە بـوو کـو حاتـەم تایـی ژ دنیایـێ بـۆری یـە، لاکیـن ئیسـم و شـوهرەتا عەتـا و سـەخا وی هێـژ هەیـە و بەلکـە حەتتـا رۆژا قیامەتـێ ژی بێتـە گۆتـن، مەگـەر خـوەدێ تەعـالا قـەت کەسـەکی بەدنـام نەکـە، ئامیـن.)[39]

**یـان:** (مـەرام ژ ڤـێ حیکایەتـێ ئـەوە کـو هـوون عەداوەتـا ئیبلیـس بزانـن و خـوە ژ شـەری وی د دنیـا و ئاخیرەتـێ حـەزەر بکـن، خـوەدی تەعـالا شـەری وی لەعینـێ ژ جوملەیـێ مسـولمانان و بەنـی ئادەمـان دەفـع و رەفـع بکـە. ئامیـن.)[40]

**٤.سەرچاوەی ناوەڕۆکی حیکایەتەکان:**

**یەکەم: قورئانی پیرۆز:**

بێگومـان قورئانـی پیـرۆز بـۆ زۆربـەی چیرۆکەکانـی نـاو جیهانـی ئیسـلامی بۆتـە سـەرچاوەیەکی گرنـگ و ئەگـەر بـە تەواویـش چیرۆکـە قورئانییـەکان وەرنەگیرابـن، ئـەوا لانـی کـەم کاریگەرییەکـەی بەجـێ هێشـتووە، بـەڵام لـەم کتێبـە وەرگێـڕدراوەی مەلامووسـایێ هـەکاری، چەنـد چیرۆکێکـی قورئانـی بـە لـێ زیادکـردن و کەمکـردن وەرگێـڕدراون، بـەڵام بـە زمانێکـی کوردانـە و پـڕ لـە ئیدیـۆم و شـێوازی گێرانـەوەی کوردییـەوە، لەوانـە:

١- چیرۆکـی شـەددادی کـوڕی عـاد، کـە سـەرچاوەکەی لـە ئایەتـی (ألـم تـر کیـف فعـل ربـك بعـاد، أرم ذات العمـاد)[41] وەرگیـراوە و کاریگـەری ئەفسـانە و مێژوونووسانیشـی بەسـەروە دیـارە. ئەمـەش لـە حیکایەتـی ژمـارە ٥٤ دیـارە.

٢- چیرۆکـی حەزرەتـی ئـادەم و هـارووت و مـارووت، ئەمـەش لـە حیکایەتـی ژمـارە ٥٥ دا هاتیـە بەحـس کـردن.

٣- چیرۆکی حەزرەتی سلێمان و بەلقیسا، ئەمەش لە حیکایەتی ژمارە ٥ هوە هاتووە.

٤- چیرۆکـی پیاوانـی ئەشـکەوت (أصحـاب الکهـف) کـە ئەمشـە وێـرای ئـەوەی سـوورەتێکی لـە قورئانـدا بەنـاو کـراوە، لـە حیکایەتـی ژمـارە ٢١هوە هاتـووە.

دووەم: چیرۆکـە هەڵبەسـتراوەکانی بەنـاو پێغەمبـەران، ئەمـەش مێژوویەکـی دوور و درێـژی لەنـاو مێـژووی ئیسـلامەتیدا هەیـە و بـە چیرۆکـی ئیسـرائیلییات بەنـاو بانگـن، بەشـێکیان لـە کتێبەکانـی ژیانـی پێغەمبـەران و هەروەهـا لەنـاو کوردانیشـدا کتێبـی (درة الناصحیـن)[42] بەشـی زۆری ئـەو چیرۆکانـەی لەخـۆ گرتـوە. لـەم وەرگێڕانەشـدا ئـەم چیرۆکـە ئەفسـانەییانەی بەنـاوی ئایینـەوە کـراون، بریتیـن لـە:

---

٣٩ - بروانە حیکایەتی ژمارە ١٧

٤٠ - بروانە حیکایەتی ژمارە ١

٤١ - سورة الفجر، الایتان ٦-٨

٤٢ - درة الناصحین فی الوعظ والارشاد، عثمان بن حسن بن أحمد الشاکر الخویری، درا احیاء کتب العربیة، بدون سنة الطبع.

١-چیرۆکی هەڵبەستراو بەناوی پێغەمبەران:

لـەم دەسـتخەتەدا چیرۆکـی داود پێغەمبـەر و سـلێمان پێغەمبـەر بـاس دەکرێـت، کـە گوایـە داود پێغەمبـەر ٩٩ ژنـی هەبـووە و بـاس لـە گوناهێکـی حەزرەتـی داود دەکات، کـە بێگومـان ئەمـە ئیسـرائیلییاتە، چونکـە ئەگـەر پێغەمبـەر بێـت، نابێـت گونـاه بـکات و خـوای گـەورە کەسـی گوناهبـار ناکاتـە پێغەمبـەری خـۆی و پێشـەوای خەڵکـی. لـە حیکایەتـی ژمـارە (٨ ) ئـەو باسـە هاتـووە.

٢-چیرۆکی ناوەڕۆك ئاسایی پێغەمبەران، بەڵام هیچ سەرچاوەیەك پشتڕاست ناکاتەوە:

ڕاسـتە پێغەمبـەر سـلێمان بـە بەڵگـەی قورئانـی پیـرۆز (علمنـا منطـق الطيـر[٤٣]) زمانـی پەلەوەڕانـی زانیـوە، بـەڵام ئـەو چیرۆکانـەی لێـی بـاس دەکـەن، لـە قورئـان و فەرمـوودەی پێغەمبـەرەوە نەهاتـوون. لـەم دەستخەتەشـدا لـە حیکایەتـی ژمـارە دوودا باسـێکی حەزرەتـی سـلێمان دەهێنێتـەوە لەگـەڵ چەنـد باڵنـدە و ئاژەڵێـك، بـەڵام سـەرچاوەکەی ڕاسـت نییـە.

٣: چیرۆکی پێغەمبەران بە ڕاست و ناڕاستییەوە:

گێـڕەرەوە هەوڵیـداوە بەشـێك لـەو ٥٨ حیکایەتانـە بـۆ چیرۆکـی پێغەمبـەران تەرخـان بـکات، جـا ئـەو چیرۆکانـە ڕاسـت بـن یـان ناڕاسـت، بـەڵام بـە گشـتی ئـەم پێغەمبەرانـە بـاس کـراون:

ئادەم، سلێمان، داوود، عیسا (٧) و (٩)، موسا (٢٠) و (٣٥)،

**دووەم: مێژووی ئیسلامی:**

بێگومـان مێـژووی ئیسـلامی بـە درێژایـی زیاتـر لـە هـەزار سـاڵی بۆتـە سـەرچاوەی سـەرەکیی ئـەو چیرۆکانـەی کـە لەنـاو میللەتانـی مسـوڵمان دەگوترانـەوە، جـا چ فتوحاتـی ئیسـلامی بێـت و چ چیرۆکـی هـاوەڵان و تابیعینـەکان و کەسـانی تـر کـە لـە زاری ئەوانـەوە گواسـتراونەتەوە، بـۆ وێنـە لـەم دەسـتخەتەدا چیرۆکـی چەنـد کەسـایەتییەك دەبینرێـت، لەوانـە:

-بەسەرهاتی قەتلی حەزرەتی حوسێن لە حیکایەتی ٤٢ هاتووە.

بـە سـەرهاتی حاتەمـی تـەی کـە بـە سـەخیایەتی و بەخشـندەیی بەناوبانـگ بـووە، یـان بەسـەرهاتی خواپەرسـتێکی وەك بەرسیسـێ عابیـد، کـە لـە حیکایەتـی ژمـارە ١هوە هاتـووە.

**سـێیەم: مێـژووی خەلیفـەکان:** ئەمـەش بەشـێکی گرنگـی نـاو حیکایەتـەکان پێـك دێنێـت، بەتایبەتـی باسـکردن لـە خەلافەتـی عوسـمانییەکاندا، وەك لـە چیرۆکـی ژمـارە ٢٢ باسـی شـەڕی نێـوان حوسـێن قولـی خانـی بەغدایـێ و سـوڵتان مـوراد خـان دەکات، هەروەهـا لـە حیکایەتـی تـردا باسـی سـولتانەکانی دیکـەش دەکات. وەك سـولتان بایەزیـد لـە چیرۆکـی ژمـارە ١٦. هەروەهـا سـوڵتان مەحمـوودی غەزنـەوی لـە حیکایەتـی ژمـارە ٤٣ دا.

مێژووی وڵاتانی تر:

لەمەشـدا چیرۆکنـووس هەوڵیـداوە باسـی لـە پەنـد و عیبرەتـی چیرۆکـی وڵاتانـی نامسـوڵمان بـکات، لـەو نێوەندەشـدا زیاتـر لەسـەر حیکایەتـی نەوشـیروانی عـادل سـەنگراوەتەوە، ئەمـەش لـە چیرۆکـی ژمـارە ١٠ دا بـە تـەواوی بـۆ ئـەوی تەرخانکـردووە.

43 - سورة النمل/ الاية 16

## ئەنجام

لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

-کتێبــی در المجالــس کــە مــەلا مووســای هــەکاری وەریگێــڕاوە، ناوبــراو وەك وەرگێــر و نووســەری بەشــی فارســی ئەلیکســاندەر ژابــا بــووە، بــەڵام دەســتخەتی حیکایەتــەکان بــە دەســتی مەلامەحمــوودی بایەزیــدی نووســراوەتەوە و پێدەچــێ کاتــی نووســینی کتێبەکــە کــە ســاڵی ١٨٥٧ی میــلادی بــووە، مەلامووســا لــە ژیانــدا نەمابووبێــت.

-ئەگەرچــی نــاوی نووســەری کتێبەکــە نەنووســراوە، بــەڵام دوای لێکۆڵینــەوە گەیشــتینە ئــەو ئەنجامــەی کــە در المجالــس بــە فارســی لەلایــەن مظفــر نوبهــاری نووســراوە و مــەلا مووســای هــەکاری بەشــێك لــە چیرۆکەکانــی وەرگێڕاوەتــە ســەر کورمانجــی.

-ئــەم وەرگێرانــە لــە پــاڵ وەرگێرانــی مەلامەحمــوودی بایەزیــدی دەبنــە یەکەمیــن وەرگێرانەکانــی چیــرۆك لــە مێــژووی ئەدەبیاتــی کوردیــدا.

-دەســتخەتەکە لــە ٥٨ حیکایــەت پێــك دێــت و مــژاری حیکایەتــەکان جۆربەجــۆرن، هــەر لــە چیرۆکــی پێغەمبــەران بگــرە تــا دەگاتــە چیرۆکــی ئەفســانەیی و چیرۆکــی خەلیفــەکان و مێــژووی دەوروبــەر دەگرێتــەوە.

-تەنیــا چیرۆکــی یەکــەم ناوونیشــانی هەیــە و نووســراوە حیکایەتــی بەرسیســایێ، ئەوانیتــر هەموویــان ژمارەیــان بــۆ دانــدراوە.

- دەســتپێك وەك بنەمایەکــی گرنگــی چیرۆکــی فۆلکلــۆری و چیرۆکــی نووســراو، لــەم حیکایەتانــە گرنگــی پێــدراوە و لــە بەشــی زۆریانــدا بــە شــێوە و شــێوازی جیــا جیــا دەرگای حیکایەتەکانــی کردۆتــەوە و هەندێکــی بــە ســەرچاوەی ڕیوایەتــەکان دەســت پێکــردووە و هەندێکــی دیکــەش بــە جــۆری مێــژووەکان و لــە هەندێکیشــیاندا راســتەوخۆ هاتۆتــە ســەر ڕووداوەکان.

-کۆتایــی حیکایەتەکانیــش بنەمایەکــی پەندئامێــزی و عیبرەتــی تێــدا ڕوونــە و لــە بەشــی هــەر زۆری حیکایەتەکانــدا کۆتاییەکــەی بــە دەربڕینــی (دا تــو بزانــی) وەك ســەرەتای چەنــد ڕســتەیەك کۆتایــی پــێ هێنــاوە و مەبەســتەکەی لەوێــدا پوخــت کردۆتــەوە و لــە هەندێکیشــدا تەنیــا دەربڕینــی (وەسســەلام)ی هێناوەتــەوە و لــە چەنــد حیکایەتێکیــش بــە مــەرام و ئامانــج و هەروەهــا خولاســە کۆتایــی پێهێنــاوە و لــە نــاو توێژینەوەکــەدا ژمــارەی حیکایەتــی ئــەو شــێوازە جیاوازانــە دیاریکــراوە.

-ســەرچاوەی ناوەڕۆکــی حیکایەتــەکان جۆربەجــۆرن، هەیانــە ڕاســتەوخۆ لــە قورئــان و چیرۆکــی پێغەمبــەران وەرگیــراوە و هەشــیانە هەڵبەســتراوە بەنــاوی قورئــان و بەشێکیشــیان ســەرچاوەکەیان مێــژووی ئیســلامی و مێــژووی دەوروبــەر و مێــژووی خەلیفــە و ســوڵتانەکانە و لــە هەمووشــیاندا مەبەســتەکە نیشــاندانی پەنــد و شــیرەت و عیبرەتەکــە بــووە.

-مەلامووســا بــە شــێوەئاخاوتنی هــەکاری چیرۆکەکــەی وەرگێــڕاوە و بــۆ ئێســتای نووســینی کورمانجــی ســەرچاوەیەکی بــاش دەبــێ بــۆ لایەنــی فەرهەنــگ و چنینــی ڕســتە و دەربڕینــەکان.

## سەرچاوەکان:


قورئانی پیرۆز

-الخويرى ، عثمان بن حسن بن أحمد الشاكر(؟)، درة الناصحين فى الوعظ والارشاد ، درا احياء كتب العربية، بدون سنة الطبع.

- السيوطى ، جلال الدين عبدالرحمن ابى بكر، (٢٠١٥) تأريخ الخلفاء وزراة الاوقاف القطرية.

- بايەزيدی، مەلامەحموود، تحفة الخلان فى زمان كردان ، کۆلیکسۆنی ژابا (دەستخەتی چاپنەکراو).

- پیربال ، فەرهاد ، (٢٠٠٠). مەلامەحموودی بایەزیدی یەکەم چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد ، هەولێر.

- پیربال ، فەرهاد ، (٢٠٠١). مێژووی وەرگێران لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٣١، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.


- حکاری، ملاموسا. در المجالس، کۆلیکسۆنی ژابا، kurd٤٩.

- خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٠). شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی ، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.


-ئەرشیڤی ژابا ژمارە kurdA٤١.

- ژابا ، ئۆگست (٢٠١٠). فەرهەنگی کوردی-فەرەنسی ، پێشەکی و وەرگێرانی پێشەکی و دووبارە لە چاپدانەوەی: د.نەجاتی عەبدوڵلا. هەولێر.


- ژ.س. مووسایلیان (١٩٩٣). ژابا و کوردناسی، ئا. وەرگێڕانی لە رووسییەوە: شێروان مەحموود محەمەد، گۆڤاری رووناکبیری، ژ ٣-٤، ستۆکهۆڵم.

لاپەرەی کۆتایی دەستخەتی در المجالس



دوولاپەڕەی دەستپێك و حیکایەتی یەکەم



نموونەیەك لە دەستخەتێکی فارسی (در المجالس)

نمونەی دوو پەرەگراف لە وەرگێرانەکەی مەلامووسای هەکاری

حیکایەتا دوویێ

ڕیوایـەت تێتـە کریـن کـو د زەمانـێ حەزرەتـێ سـلێمان عەلەیهیسـسـەلام مرۆڤـەك ژ تایفـا قبتییـان تووتییەکـی خـۆش ئەلحـان و نادیرەخـوان دی و ب میقدارەکـی دراڤ کـری، لـەورا کـو قـەوی زێـدە خـۆش خـوون و زەریـف بـوو. ئـەوی مرۆڤـی تووتـی بـرە مـالا خـوە و زەمانـەك ژی ل نـك وی ژی دیسـان وەکـی بـەرێ خـوەش تەرەننـوم و تەغەننـی بـوو و مرۆڤـێ قبتـی ژی زەحـف ژ وی دل خـوەش دبـوو، پاشـی موددەیەکـی تووتـی بێدەنـگ و لال بـوو، ئەسـلەن ئیـدی خەبـەردان و تەکەللـوم و تەرەننـوم نەدکـر، خـوەی قـەوی ز ڤـێ ئەحوالـێ مەحـزوون و چـە ئەحـوال نزانـی، ئاخیـری گـۆت گـۆ حەزرەتـی سـلێمان عەلەیهیسـسـەلام بـە زمانـێ حەمـوو جوملـە تیـور و دەم و شـان دزانـە، لازمـە کـو ئـەز ڤـێ تووتیـێ ببەمـە نـك حەزرەتـێ سـلێمان دا ئەحوالـێ ژ ڤـێ پرسـیار بکـە کانیـم چـە حـال واقیـع بوویـە کـو ئـەڤ بەینەکـە ئـەڤ تەیـرە ناخوونـە و خەبـەر نـادە؟

ئاخیـری ئـەوی مرۆڤـی تووتـی هلانـی و ئانـی نـك حەزرەتـی سـلێمان عەلەیهیسـسـەلام و گـۆت کـو ئـەی رەسـوولێ خـودێ مـن ئـەڤ تووتیـا ب شـەرتێ خوەندنـێ و خـوەش ئاوازیـی مـن کـڕی و موددەیەکـی ژی د مـالا مـەدا خوەشـی دخونـد. پاشـی ئەڤـە بـوو موددەتـەك کـو لال بوویـە و خەبـەر نـادە و تەرەننومـی ناکـە، ئیـرۆ مـن ئینایـە حـزوورا هـەوە، کـو خـوەدی تەعـالا زانینـا حەمـوو زمانـان بـە حەزرەتـا وە کـەرەم کـری یـە و دایـە زانیـن، نهـا حەزرەتـا وە ژ ڤـێ پرسـیار بکـن کـو ژ بـۆی چـە لال بوویـە و ژ خەبەردانـێ مایـە، جەنابـێ حەزرەتـی سـلێمان عەلەیهیسـسـەلام ژ تووتیـێ پرسـیار کـر گـۆ: تـو ژ بـۆی چـە ژ ئـاوازا خـوەش خوەندنـێ مایـی و فـارغ بوویـی؟